# پێشمەرگە ، برسییەتی و چەند سەرنجێك!

## نەوزاد وەلی

* فیدڵ کاسترۆ .. چونکە بە (پێشمەرگایەتی) ، بە خەباتی چەکداریی و شۆڕشکردن دەسەڵاتی گرتەدەست! ئەوەتا چل و شەش دانە ساڵی ڕەبەقە سەرۆکی بێپایانی وڵاتی کوبایە و تەنیا پلـەیەك لـەخوار خواوەیە و (ئیزرائیل) نەبێت ، زەلام ناتوانێت لـە کورسییەکەی دوری بخاتەوە!

گەلـەکەشی نەك هەر لـەسەر لێواری برسییەتین ، تەنانەت لـەژێر ئاستی برسییەتیشەوەن!

ڕادەی لـەشفرۆشیی لـەنێوان ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لـەژێر سی و پێنج ساڵـەوەیە ، بە ڕادەیەك بەرزە کە بە شێوەیەکی (ڕێژەیی) لـە ئاستی (مۆنتی کارلۆ)دایە! بە تایبەتیی لـە شارەکان و ناوچە گەشتوگوزارییەکاندا ، هۆی سەرەکییش ، برسییەتی و نەبوونییە!

باسکردنی کێشە سیاسی ، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کوبا هەر وا ئاسان نیە و باسەکەی منیش نیە ، بەڵام لـێرەدا مەبەستم سوکە بەراوردێکە کە لـە زۆر ڕووەوە ئەکرێت لـەگەڵ زۆربەی کێشەکانی باشوری وڵاتی خۆماندا بەراورد بکرێت.

* کێشەی دەسەڵات لـەناو ئەو گەلانەدا کە بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییدا تێپەڕیون و بە خەباتی چەکداریی ، یان شۆڕشکردن ، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە ، لـەوەدا بووە و ئێستاش هەر لـەوەدایە کە هەرگیز دەسەڵاتە سیاسییەکەیان جێگیر و ئارام نەبووە!

ئەم دیاردەیەش ئەوەندە زەقە کە بووە بە یاسایەکی نەگۆڕی شۆڕشەکان! هەر لـە سپارتاکوسەوە تا کۆمونەی پاریس و سەرپەڕاندنەکانیان تا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا و کۆکوژییەکانیان ، تەموزی 1958 ی عێراق ، 1959 ی کوبا و ... تا ئەگاتە ڕاپەڕینەکەی 1991 ی خۆمان!

ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لـە شێوە و ناوەڕۆکی ئەو سەدان ڕاپەڕین ، شۆڕش و خەباتە چەکدارییانەی گەلاندا هەبووە و هەیە ، بەڵام تەنیا خاڵێکی هاوبەشی نەگۆڕ لـە نێوانیاندا هەبووە و هەیە کە ئەویش بریتییە لـە:

- ناکۆکیی لـەسەر دەسەڵات و سامانی گەل ، پەرەسەندنی دیکتاتۆریی و پشتکردنە ئەو جەماوەرەی کە تا دوێنێ داڵـدەی ئەدان و پاڵپشتیان بوو لـە خەباتەکەیاندا!

لـە باشوری وڵاتەکەی خۆشماندا ، وەك هەموو هاووڵاتییەك ئاگادارە ، ئەو کێشەیەمان بە خەستیی هەبووە و هەیە! تەنانەت لـە کاتێکدا کە گەلـەکەمان لـەژێر باری جینۆسایددا نالاندوویەتی و تەنیا چەند ناوچەیەکی تەسك لـەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بووە! هەمان کێشەی دەسەڵات و پاوانخوازییمان هەر هەبووە! مەگەر کەم هاووڵاتیی هەبن کە ئاگاداری کێشە و کارەساتەکانی ساڵی 1964 ی ماوەت و زنجیرە کێشە و نەهامەتییەکانی نەبن! لـە کاتێکدا کە تا ئەم چرکەیەش هەر بەردەوامە!

نمونەی پێچەوانەی خەباتی چەکدارییش ، خەباتی ئاشتییانەی گەلی (هیندوستان) بە سەرۆکایەتی مەهاتما گاندی و گەلی خوارووی ئافریکا بە سەرۆکایەتی نێلـسۆن ماندێلا ، نمونەی زەقی ئەو خەباتە ئاشتییەن و دەسەڵاتە سیاسییەکانیشیان بە شێوەیەکی گشتیی لـە ئارامییەکی پەسەنددایە.

* پێشمەرگایەتی .. کارێکی پیرۆزە ، سەردەمێك مرۆڤ تەواوی سەرمایەکەی کە ژیانیەتی ، ئەیخاتە مەترسییەوە لەپێناوی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەیدا ، بەلام ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەبێت:

ـ پێشمەرگە تا مردن هەر پۆزلێیدات بەسەر جەماوەرەکەیدا و وەك هاوولاتیی پلە دوو سەیری هاوولاتییانی خۆی بکات؟

ـ جەماوەریش تا مردن هەر خۆی بە قەرزار بزانێت؟

بێگومان ئەوە هەڵەیە و کێشەکەی ئێمەش ئەمرۆ ئا لەوەدایە!

کاتێك کە مەسعود بارزانیی ئەڵێت من پێشمەرگەم! ئەوا دوو ئەڵتەرناتیڤ لەو ڕووەوە هەیە:

ـ یەکەمیان ، یان بەو مەبەستەی سەرەوەیە!

ـ دووەمیشیان ، یان ئەوەیە کە (لەوانەیە) مەبەستی لەوە بێت کە ئەبێت هەموومان پێشمەرگەبین و ئامادەبین بۆ هەر بەرەنگاربوونەوەیەك لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەماندا کە لەوانەیە بیانەوێت هەمان مێژووی سەردەمی کۆماری دیموکراتیی کوردستان دووبارە بکەنەوە و بە هێرشی سەربازیی هەوڵی لەناوبردنی ئەم قەوارە سیاسییەی ئەمڕۆمان بدەن کە چواردە ساڵە لە باشوری وڵاتماندا جێگیر بووە!

من بەشبەحاڵی خۆم ئەم ئەڵتەرناتیڤەی دواییم لەلا پەسەندە و هیوادارییشم کە مەبەستی کاك مەسعودیش هەر وا بێت! بەلام بەداخەوە کارەساتەکانی ئەم چواردە ساڵەی ڕابوردوو لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی دوای 1964 ، زیاتر ئەڵتەرناتیڤی یەکەم زەقئەکەنەوە!

پێشمەرگە .. نەك هەر پێشمەرگەی کورد ، بەڵکوو لە تەواوی دنیادا کە خەباتی نهێنی و چەکداریی ئەکرێت ، پێشمەرگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر (سکی) جەماوەرەکەی و بەتایبەتییش جەماوەری گوند و لادێکان ئەژی.

ئەبێت وەفاداریی پێشمەرگە بۆ ئەو جەماوەرەی چۆن بێت؟ لە کاتێکدا کە بە درێژایی دەیان ساڵ بە سەر وماڵەوە بەخێوی کردووە ، داڵدەی داوە ، لە دوژمن و سەرما و گەرما پاراستوویەتی و خۆی بەخشیوە لەپێناویدا!

ـ ئایا پێشمەرگایەتی شتێکی کاتییە؟

پێشمەرگایەتی سیفەتێکی کاتیی نیە! من هەمیشە لام وابووە و هەر لام وایە کە ئەو کەسەی تەنیا ڕۆژێك پێشمەرگەی ڕاستینە بوو‌بێت! ئەوا هەمیشە و بەتایبەتیی لە سەردەمی ئاشتییدا ، لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا هەر پێشمەرگەیە و بەرژەوەندی جەماوەرەکەی لە سەروو هەموو بەرژەوەندێکی ترەوە دائەنێت.

ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە کە ئەمرۆ بە چاوی خۆمان ئەیبینین! پێشمەرگایەتی وەك (پیاوەتی بەسەر جەماوەرەوە) بەکارئەهێنرێت و بەرپرسە پێشمەرگە ڕوت و برسییەکانی دوێنێ! ئەمڕۆ بوونەتە گەورەترین (توێژی) ناو چینی بۆرجوای گەلەکەمان و شەق لە فەردە دۆلار هەڵئەدەن و ناوجەرگەی شارەکانیان بە پارە و بە زۆر ، داگیرکردووە و هەزاران پارچە زەوییان لە خاکی نیشتمانمان بەخشیوە بە خۆیان و کەسوکاریان ، کۆنە جاش و خەفیفە و سەقیلە و ئەبوفایلەکان! و پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە ئەکەن! بەلام لە هەمان کاتدا ئەوانەی کە ساڵەهای ساڵ داڵدەدەریان بوون! نەك هەر لە هەموو شتێك بێبەشیان کردوون! تەنانەت وا لە برسیشدا ئەمرن!!!

* زۆربەمان لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا (تامی) برسییەتیمان چێشتووە! بۆیە کارەساتی جوتە خوشکەکەی (پایتەخت)!! لە ناخەوە هەموو کوردێکی بەئەمەکی هەژاند.

هەڵوێستی ئەو دوو ئافرەتە (برسییە) کە بیست و نۆ ڕۆژ نانیان نەبووە بیخۆن! زۆر زۆر سەربەرزتر و بە کەرامەتترە لە (پیاوەتی) زۆربەی پێشمەرگە تێروتەسەلەکانی ئەم سەردەمە کە ویژدانیان فرۆشتووە بۆ برێك دۆلاری ماڵنشینیی و بستێك

زەوی!!! لە پێش هەمووشیانەوە ئەو پێشمەرگە تازەدەوڵەمەندانەی کە بە درێژایی تەمەنیان خۆیان بە چەپ و داکۆکیکەر لە چینی هەژار و چەوساوەی گەلەکەیان ئەژمارد و ئەمڕۆ لەپێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسیی خۆیاندا لە پەراوێزی دوو حیزبدەسەڵاتەکەدا (بە ئارامیی) لێی هەڵنیشتوون و ئەوەی بە خەیاڵیاندا نەیەت ، خەباتی چینایەتییە!!!

پێشمەرگەی ڕاستینەی ئەم سەردەمە ، کەسانی وەك ئەو دوو ئافرەتەن کە ئەمرن لە برسا! بەڵام هەرگیز پەنا نابەنە بەر بەرپرسی (هەتیوچە و چاوچنۆك) و لێیان بپاڕێنەوە کە مافی ڕەوای خۆیانیان بدەنێ! لە کاتێکدا کە ئەتوانن بە هەر شێوەیەك بێت! خۆیان بژێنن ، بەڵام مرۆڤی (بەشەرەفی) وەك ئەو دوو ئافرەتە ، ئەوە ناکات کە ئەمڕۆ زۆربەی بەرپرسەکان ئەیکەن کە ئەویش (ویژدان هەڕاجکردن) و دزیی و گزیی و گەندەڵییە!

لە سەردەمی جینۆساید و وێرانکردنی هەزاران گوندی وڵاتمان و ئەنفال و کیمیابارانداا ، جەماوەری گەلەکەمان لەگەڵ نەبوونیی و لەو بارودۆخە ناهەموارەشدا ، نەیانهێشت پێشمەرگەیەك بمرێت لە برسا! بەڵام وا هەمووومان بە چاوی خۆمان ئەیبینین کە لە سەردەمێکیشدا:

- (پێشمەرگە) سەرۆکی باشوری وڵاتە!
- (پێشمەرگە) سەرۆکی عێراقی داگیرکەرە!
- (پێشمەرگە) ئەندامی پەرلەمانی (گەلە)!
- (پێشمەرگە) ئەندامی پەرلەمانی (گەڵ)ی عێراقی داگیرکەرە!
- (پێشمەرگە) لە خوا بەزیاد نەبێت! دوو حکومەتی لە پارچەیەکی کوردستاندا هەیە!
- (پێشمەرگە) دنیایەك یارمەتی نێودەوڵەتیی و گومرگی سنورەکانیان هەیە!

بەڵام هاووڵاتییان و بەتایبەتیی (ئافرەتان) ، وا لەژێر سێبەری (پێشمەرگە)دا لەبرسا ئەمرن!!!

پەشیمان نیم لەوەی کە لە دوو سەردەمی جیاوازدا پێشمەرگایەتیم کردووە ، بەڵام سەد خۆزگە هەر لەو سەردەمانەدا منیش نەمامایە و ئەو سوکایەتییانەم نەبینیایە کە بەناوی (پێشمەرگە)وە بەو جەماوەرە کلۆڵە ئەکرێت!

ئەفسەری پۆلیسی ئەمڕۆ و کۆنە پێشمەرگەی نەخوێنەواری دوێنێ! ئەفەرموێت ئەو دوو ئافرەتە برسییە تاوانبارن!!

بەڵێ ڕاست ئەفەرموێت! چونکە ئەو فەلسەفەیەی ئەمڕۆی ، هەمان فەلسەفەکەی دوێنێی نیە! دوێنێ لە گیرفانێکەوە ئەیڕوانیە ژیان کە کێچ و ئەسپێ تەراتێنیان تیادا ئەکرد!! بەڵام ئەمڕۆ لە گیرفانی پڕ دۆلاریەوە ئەڕوانێتە ژیان.

بەپێی ئەو فەلسەفەیەی ئەم ئەفسەرانە بێت ، ئەوا زیادتر لە نیوەی مرۆڤی ئەم پلانێتەی ئێمە تاوانبارن! زۆربەی دانیشتووانی ئافریکا ، ئەمێریکای خواروو ، هیندوستان ، بەنگلادیش ، پاکستان ، ئێندۆنیزیا و مالایزییا و ... دەیان وڵاتی گەورەی دنیا ، تاوانبارن! تاوانەکەشیان تەنیا ئەوەیە کە بەرهەمی وڵاتەکانیان ، چین و توێژ و حیزبی دەسەڵاتدار ئەیدزن و ئەیخۆن و بەشی کەسی تر نادەن!

تاوانی برسییەکان ، هەژاران ، چەوساوەکان و ماڵە شەهیدانی ئێمەش ئەوەیە کە ئەوان کردیان و ئەیکەن و دوو حیزبدەسەڵات و دوو خێڵەکەی خاوەنیان ئەیخۆن!

ئەگەر برسییەتی تاوان بێت! ئەوا ئەو جۆرە تاوانە زۆر شەریفترە لە (سەربەرزیی ساختەی) بەرپرسانی دز و جەردە و داوێنپیس!

* بە هەر حاڵ .. لە مێژووی گەلەکەماندا تەنیا جارێك قەوارەیەکی سیاسی و پۆستی سەرۆکی ئەو قەوارەیەمان هەبووە ، ئەویش کۆماری دیموکراتیی کوردستان و بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی بوو.

ئەمڕۆش دوای پەنجا و نۆ دانە ساڵ ، وا دووبارە لـە پارچەیەکی وڵاتە داگیرکراوەکەماندا و بە پراکتیك قەوارەیەکی سیاسی و پۆستی سەرۆکمان هەیە. هەرچەندە ئەبووایە ئەو پۆستەش بەرلـە چواردە ساڵ ڕابگەیێنرایە ، بەڵام زیان لـە کوێیدا بگەڕێتەوە هەر باشە!
گرنگ ئەوە نیە کێ ئەو پۆستەی وەرگرتووە ، گرنگ ئەوەیە کە ئەو پۆستەمان هەیە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەنیا دوو هەنگاو لـە سەربەخۆییەوە دورین ، بێگومان ئەو دوو هەنگاوەش تەنیا دوو حیزبدەسەڵاتەکەن!
ئەگەر ئەو دوو هەنگاوەش بکرێن بە یەك!! ئەوا (کۆماری کوردستان) لـە قۆناغی خەو و خەیاڵ دەرئەچێت و لـە لێواری (ئەمری واقیع)دا چاوەڕێی (دانپیادانان)ی نێودەوڵـەتیی ئەکات!

* لـە وتارێکمدا ، بەناوی برامان برایی .. کیسەمان جیایی ، باسی ئەوەم کرد کە یەکخستنی دوو کابینەکەی باشور هیچ سودی نیە! ئەگەر وەزارەتەکانی (پارە ـ دارایی) و (دەسەڵات ـ پێشمەرگە) یەکنەخرێنەوە!
بە داخ و نیگەرانییەوە ، ئەوا دوو حیزبدەسەڵاتەکە (نیازیان) وایە کە وەزارەتە کەمتر گرنگەکان یەکبخەنەوە! بەڵام وەزارەتەکانی پارە و دەسەڵات هەر لـەژێر کۆنترۆڵـی دوو سەرکردایەتی و دوو بنەماڵـەکەدا ئەمێننەوە! ئەوەش نە لـەم قۆناغە و نە لـە هیچ قۆناغێکدا ، بەرژەوەندی گەل و نیشتمانمانی تیادا نیە و نابێت! و ڕۆژبەڕۆژیش ئەبێتە هۆی پەرەسەندنی برسییەتی و بێزاریی و پەستیی جەماوەر.

* یەکنەخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاساییش ، یارمەتیدەرە لـە کۆکوژیەکانی ئیسلامییەکاندا!
ئاساییشی ناوچەی حیزبدەسەڵاتی ئەملا ، تەنیا ئاگای لـە بارودۆخی ناوچەکەی خۆیەتی و ئەوەی ئەولاش هەر بەو شێوەیەیە! بەگشتییش ئاساییش و دەزگاکانی تری لـەو جۆرانەیان ، زیادتر خۆیان بۆ پاراستنی بەرپرسەکان و خانووبەرە و سامانەکانیان تەرخانکردووە وەك لـەوەی بۆ پاراستنی خەڵـکەکە! ئەمەش ڕاستییەکی ڕون و ئاشکرایە و کەس ناتوانێت نکۆڵـیی لـێبکات.
ئەبێت سەرکردە (عەبقەرییەکانی!) دوو حیزبدەسەڵاتەکە ، ئەو ڕاستییە بزانـن کـە دوژمنانی کورد و کوردستان لـەم سەردەمەدا ، لـەوانەیە وەك سەردەمی کۆماری دیموکراتیی کورستان ، بەرەنگارمان نەبنەوە ، بەڵـکوو زۆر بە ئاسانیی سود لـەو (دووبەرەکییەی ئاساییش و دوو هێزە نایەکگرتووەی پێشمەرگە) وەربگرن و بە بۆمب و خوێنڕشتن ، ئەو بۆشاییە گەورەیەی نێوان دوو ناوچە و دوو دەسەڵاتەکە پڕبکەنەوە!
لـەبەرئەوە ، یەکخستنی دوو وەزارەتی پارە و دەسەڵات ، کلـیلـی دەرگای چارەسەری هەموو کێشەکانی نێوان ئەو دوو حیزبدەسەڵاتەن و بەو یەکخستنەش دەرگایەکی (ڕەحم)ی (کۆنە پێشمەرگە)کانیش بەسەر ئەو جەماوەرە برسیی و هەژارەدا ئەکرێتەوە و بواری خوێنڕێژیی (ئیسلام)یش ، ئـەگەر نەشمێنێت ، ئەوا هەر کەمتر ئەبێتەوە.
2005-6-21